کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 2:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لاوان و ئاینده... دەهام عەبدولباقی**

ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی (ی.ل.د.ك)

ئەگەر نەتەوەیەك بیەوێت ئایندەو داهاتووی خۆی بکاتە مایەی ژیانێکی بەختەوەرەوربۆخۆی دەبێت زۆر گرنگی بە لاوان و ئەوانەی تەمەنیان لەو چوارچێوەیەیە بدات، راستە ئێستای هەموو میللەت و وڵاتێك بە تواناکانی لاوان پشت ئەستوورە، بەڵام پێویستە ئەوەش بزاندرێت کە داهاتاووش هیچی لە ئێستاو رابردوو کەمتر نییە، بەڵکو زۆر گرنگ تریشە.



ئەو گەلانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە پێشڕەوی گەشەو پێشکەوتنە خێراکانی سەرجەمی بوارەکانی ژیان، ئەوا بەهرەو تواناکانی لاوانیان بەهەند وەرگرتووە و حیسابیان بۆ کردوون، بە پێچەوانەشەوە ئەو وڵاتانەی لە هەموو ئاستەکان دواکەوتوون لاوانیان خستۆتە پەراوێز و حیسابیان بۆ ناکەن.

کورد وەکو گەلێکی خاوەن رابردووی پڕ لە شۆڕش و بەرخودان و بەرەنگاری هەمیشە ئامێری مانەوەو بەردەوامی دانی بەخۆی وزەو تواناى لاوان بووە، بۆیە زۆر بەشانازیەوە کاتێك باس لە داستانەکانی خۆراگری گەلی کورد دەکرێت، یەکسەر هەموو کەسێك خەیاڵی دەچێتەلای لاوان.

هەڵبەتا تواناو وزەکانی هەر لاوێك شاراوەن و دەبێت هەوڵ بدرێت بیان دۆزنەوەو پەرەیان پێبدەن، چونکە ئەگەر ئەو توانایانە نەدۆزرێنەوە ناتواندرێت خزمەتی کۆمەڵگای پێبکرێت بە هیچ جۆرێك، لەبەر ئەوەی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵ و کۆڕێك لە تواناکانی لاوان سەرچاوە دەگرێت.

جێگای خۆشحاڵییە حکوومەتی هەرێم دەیەوێت لە پێناو دابینکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ خەڵکی کوردستان دەستی لاوان بگرێت و تواناکانیان بەگەربخات، ئەگەر چی ئەو هەوڵانە ڕەنگە لە ئاستی پێویست نەبن و نەببە هۆکاری دابینکردنی سەرجەم داواکاریەکانی لاوان، بەڵام ناشکرێت ئێمە بی ویژدانی بکەین و بڵێین هیچ بۆ لاوان نەکراوە، من پێم وایە ئەو هەوڵانەی حکوومەت گەر کارابکرێن و خێراو بەپەلە ئیشیان لەسەر بکرێت کاریگەریان دەبێت، بەتایبەتیش کە ئەمڕۆ لاوانێکی زۆر لە چاوەڕوانی داواکانی خۆیان و وەڵامدانەوەی حکوومەت چاوەڕێی کاری گەورەو باشدەکەن.

لە پێناو هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی گەش و سبەینێیەکی جوان و ڕەنگین پێویستە حکوومەتی هەرێم زیاتر بەدەنگ خواستەکانی لاوانەوە بچێت و لە نزیکەوە پاڵپشتی و پشتیوانی بیان بکات و هەوڵبدات ئەو پاڵپشتی و هاوکارییەی کە ئێستا هەیە فروانتربکرێت.

با هەمووومان خەون بە ئایندەیەکی گەشاوەو شیاو شایان ببنین و هەوڵبدەین بە یارمەتی دانی لاوان ئەورۆژگارە بکەینە واقیعێکی بەرجەستەو ئامادەبوو ئەمەش چۆن دەکرێت بێگوومان بە کاری هەمووو لایەك.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.